## لە دیداری باڵیۆزی جەزائیری سەماحەتی حەکیم داوای کاراکردنی لیژنە و ڕێککەوتنە هاوبەشەکانی نێوان هەردوو وڵاتی کرد



ئەمڕۆ چوارشەممە بەرواری 23-8-2023 بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی چاوی بە بەڕێز جیهادەدین بلکاس باڵیۆزی جەزائیر لە عێراق کەوت و لەم چاوپێکەوتنە سەماحەتی هیوای سەرکەوتنی بۆ بەڕێز باڵیۆز خواست لە ئەرکە تازەکەیدا و هەروەها هاریکاری جەزائیری لەگەڵ عیراق لە سەر ئاستی عەرەبی و نێو دەوڵەتی بەرز نرخاند.

سەماحەتی ڕوونی کردەوە کە سیاسەتی دەرەکی عێراق بەچەندین ڕێڕەودا جووڵە دەکات بەشێوەیەك کە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی عێراق بکات و لەگەڵ هەمووانیش ئەوەی پەسندکردووە، هەروەها داواشی کرد کە لیژنە و ڕێککەوتنە هاوبەشەکان دووبارە کارا بکرێنەوە، جەختیشی کرد لەسەر کامڵ بوون و هەماهەنگی عەرەبی لە ڕووی سیاسی و ئابووریدا.

سەماحەتی حەکیم ئاماژەی بەوە کرد کە پێکچوون لە ڕکابەرییەکان لە نێوان عێراق و جەزائیر لەڕووی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و توندڕەوی هەبووە، هەروەها ستایشی هەموو ئەو هەوڵانەی کرد کە بەشداریان لە نەهێشتن و لەناوبردنی تیرۆر کردبوو.

لەڕووی عێراقییەوە، سەماحەتی سروشتی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئێستای لە ڕووی سەقامگیری لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری خستە ڕوو و گوتی کە سەقامگیری عێراق دەروازەیەکە بۆ سەقامگیری هەموو ناوچەکە و بە بەڵگە و ڕکابەریش ئەوە سەلمێنراوە.